# قەستەمنامەی گەندەڵی پدکوینک

## بەشی دووهەم

ئامادەکردنی : ڕێباز قەستەمی

ناونیشانی ئەم بەشە : بژی دەسەلآت

سەرەتا : قەستەم بەگیانی هەردووسەرکردەی پدکوینک کە چەندین ساڵە هەموو وزە وتوانای خەڵکانی دڵسۆزوخەمخۆری کوردیان خەریککردووەبەشەڕی نێوخۆیانەوە ئێستایش بەگەندەڵیی وبەبەڕەڵایی ودزییەکانیانەوە ، خزمە ئێوەپێم ناڵێن ئیترچۆن وکەی کوردهەنگاوێک بنێت بۆ پێشەوە .



خۆش ئەوەیەکە ئەم هەموودزی وفزییەیش دەکەن دەڵێن نابێت ڕەخنەیشبگرن ، ئەگەر رەخنە بگریت بەدەیان ناوناتۆرەت بەدوادەخەن وەکوو ئەوە گوایە کۆنە هینە بەعسیە ترسنۆکەناوێرێت ناوی خۆی بنوسێت ، وەکو خۆیان کەم جاسوس و بەعسی وترسنۆک ودز لەسەرکردایەتیە کاوبۆییە کەیاندا هەبێت .

بۆچی مەگەر هەرلەسەرڕەخنەنیەکەحوکمی سی ساڵ زیندانییان دا بەتەنگەی ئەونوسەرویاساناسەکوردەدا ، بەڵێ وابزانم کاتی قەستەمێکی تر هاتووە ، قەستەم بەموقەدەساتی بنەماڵەی سەرۆکی حکومەتی هەولێر سی ساڵ حوکمم لە سەردەمی دڕندە دیکتاتۆرەکەیشدا نەبیستووە ، ئاخر سەدام خەڵکی ئیعدام دەکرد بەبێ مەحکەمەبەلآم سی ساڵ حوکمی نە بوو.

توخوالێگەڕێن با قەستەمێکی ئەوبەریش بخۆم ، قەستەم بە فەخامەی ڕەئیس کەباس دێتەسەرحوکمی ئیعدامی دیکتاتۆری دڕندە سەدام دەڵێ من پارێزەرم ناتوانم ئەوجۆرەحوکمەپەسەندبکەم ، کەچیلەئاست ئەونوسەرە کوردەداکە پدک سی ساڵ حوکمی زۆرەملێی بەسەرداسەپاندووە فەخامەی ڕەئیس (مام جەلال) دەنگێکی لێووەنەبیسترالەکاتێکدائەونوسەرە یاسا ناسیشە و هاوپیشەی جەنابی سەرەککۆمارە یان لای فەخامەی ڕەئیس بانێکەودووهەوا.



**قەستەم بەهەرچی دزهەیە لە جیهاندا**

سەرۆک بوش ئەم مانگە تەواوزۆری
بۆ هات بوولەسەردزی وگەندەڵییەکانی ئێستای عێراق ،

لەناوکۆنگرێسدا بەڵێنیداکەکلک و باڵی ئەولێپرسراوەدزانە بکات لەنزیکترین فرسەتداشایانی باسەژمارەیەکی بەرچاولەوکەسانە کوردن ، دیارە سەرۆک ئاماژەی بەوەنەکردکوردی جیانەکردەوە لەگووتارەکەیدا .



لەهەمووی سەیرترئەوەیەکەئەوکەناڵانەی لەمەڕخۆمانجاربەجار لاوێکی دەروون نەخۆشی داماویش دەهێننەسەرشاشەکەیان ( کوردسات ) وەڵلا ئەمە دزی کردووە کەڕەنگەتەنها هێلکەیەکی دزی بێت لەماڵە دراوسێکەیان ، کەچی دەیکەنە فیلمی دۆکومێنت و دونیای بەسەردا وێران دەکەن دەڵێی براقەعقاعیان گرتووە ودزلەو وڵاتەدانیە ئەوداماوەنەبێت..

خزمان قەستەم بەسەروەرییەکانی پدکوینک تائێستا گومانم هەبوولەوەکە فیفتی .. فیفتی نێوان پدکوینک جۆرێکە لە ئایدز ئێستا لەسایەی سەری بیلامانێ سکرتێری مەکتەبی بەنێوسیاسی پارتییەوە ئەوگومانەم تەواو ڕەویووەتەوە فازیل میرانی ئەم مانگە فەرمووی کە فیفتی فیفتی ئەم جارەفیفتی فیفتیەکە لەجۆری پۆزەتیڤ ، خێری بنوسێت ئێستا ئیتر تەواو دڵنیا بووین کە ئەم فیفتی فیفتیە جۆرێکە لەنەخۆشی ئایدز ودەبێت تادەتوانین خۆمانی لێبپارێزین .

با بێینەوە سەر قەستەمەکان ، قەستەم بەوحیزبی شیوعی کوردستانەی کە نەک هەر مافی کورد ، بەڵکوجورئەت ناکات داوای مافەکانی خۆیشی بکات لە پدکوینک . ئەم مانگەمەکتەبی سەرەککۆمارگلەیینامەیەکی بڵاوکردەوە کەگوایە ئەندامێکی حیزبی شیوعی کوردستان لەڕۆژنامەیەکی عەرەبیدا ڕەخنەی لەهەردووسەرکردەی پدکوینک گرتووەگوتوویەتی کەئەوان تاکڕەوی دەکەن ، جا باشە ئەم قسەیە چی تێدایە ،ئەوەڕاستیەکەهەمووکەس دەیزانێت .

قەستەم بەهەرچی پەڕۆی سوورهەیەلەجیهاندا حیزبی شیوعی کوردوستان لەبەیاننامەیەکدا دەستبەجێ کەوتەپاڕانەوەلەپدکوینک بەئەوەندە سوێندوقورئان هیچ ئەندامێکمان قسەی وای نەکردووە .

جاخۆئەگەرئەم حیزبەجورئەتی بکردبایەڕەخنەلەپدکوینک بگرێت وقسەی وابکات ، ئێستانیوەی کوردی بەلای خۆیداڕاکێشابوو. بەڵام ئەوەتائەمان لەترسانداولەبەربەرژەوەندی شەخسی ئەندام وکادرونوسەرێکی زۆریان چوونەتە نێوڕاگەیاندنی پارتییەوەو بوون بە پرتەقاڵی (زەردوسوورتێکەڵ بووە) خەستوخۆڵترین ماستاوی هەولێریش ئەوەیەکەئێستائەم نوسەرە خۆفرۆشەپرتەقاڵیانەدەیکەن بۆپارتی وبنەماڵەی فەرمانڕەوا.

لەئێستادانامەوێت قەستەمنامە بەناوی ئەم بەکرێگیراوەپرتەقاڵیانە پیس و ناشیرین بکەم . ئەمانەکەسانێکی ناسراون و بێزراون لەنێوپانتایی ڕۆشنبیریمانداولای زۆربەی خەڵک


دەستەکەیان ئاشکرابووە تەنها پێیان دەڵیم کە داوەشینتان باشترە لەوەی کە لە سەنگەری پارتی ودەسەڵاتەوەپەلاماری دکتۆر کەمال دەدەن لەنێوزیندانەتاریکەکانی پارتیتاندابەڕاستی ئەوئاکارەتان لووتکەی خۆفرۆشیتانە ئەی نوسەروسیاسیە پرتەقاڵییەکان هەرخۆتان بەخۆتان بن.

باش بووبیرم کەوتەوە توخوا ئەوەبۆشەوێک لەکەناڵەئاسمانیەکانتانەوە بەتێکڕای دەنگ ( گۆرانی بورتوقالە) مان بۆ ناڵێن خۆبەشی ئەوەیشتان کاولی لەدەورە کە بەدەورتانداسەمای دەروێشی بکەن .

بالەوەبگەڕێین ، خۆش ئەوەیەکەکۆمەڵەی ئیسلامیش ئەم مانگە دووچاری هەمان کێشە بوونەتەوە لەگەڵ ینک داگوایەئەمانیش لەڕۆژنامەیەکی عەرەبیداکفرییانکردووەوڕەخنەیان لە ینک گرتووە ، هەربۆیەئەمانیش بەهەمان شێوەی بەنێوشیوعییەکانی کوردستان داوای لێبوردنیان کردوکەوتنەپاکانەکردن و پاڕانەوە لەینک ی براگەورە (بژی دەسەڵات. . بژی شمشێر) .

قەستەم بەخواکەیان هەرئەم کۆمەڵەی ئیسلامییەبووکەئەم مانگەکەوتنە خۆپیشاندان لەکوردستان دژ بەدانیمارک و وێنە کاریکاتێرییەکانی حەمە گیان کەچی لەبەرامبەر پدکوینکدا نقەیان لێووەنایەت ، بەهەمان شێوەی عارەب هەموو لەئاست حکومەت و سیستەمەکانی خۆیاندا وەک جرج دەلەرزن کەچی وەک دڕندە کەوتنەپەلاماردانی سەفارەتەکانی دانیمارک لەوڵاتەکانیاندا، هەمووعەرەب هەڵسابوو دژ بەوچوارپێنج ملیۆن دانیمارکییە.

بەڵام جێگای شانازیی بوو کە کوردی( ئەنفالکراوبەئایاتی قورئان) زۆرکەم نوزەی لێووەهات لەسەرئەووێنانە ناڕەزایەتیەکی ئەوتۆی دەرنەبڕی بێجگەلە وسوکەخۆپیشاندانەی یەکگرتووکۆمەڵەوبەنێوزانایانی ئیسلامی کوردوستان نەبێت لەگەڵ سکاڵانامەی پەرلەمانە خەواڵووەکەی ،شایانی باسە ئەم ئیسلامیانەلەژیانیاندا ڕۆژێک لەڕۆژان ناڕەزاییەکیانبەرامبەربە ڕژێمی بەعس دەرنەبڕی وئێستایش زۆربەیان دەست بەسەرسنگەوەدەگرن بۆ لێپرسراوەکانی هەرێم کەچی خۆیان لە دانیمارکی بەستەزمان کردە شێروپڵنگ ..



قەستەم بەفڕۆکەخانە( فڕگەی) ئەربیلی نێودەوڵەتی ، بەساوێن ئێرلاین وکۆمپانیای ئاریا قەستەم کەبەڕۆژی ڕووناک وبەبەرچاوی هەردوو حکومەتە کەی هەرێمەوە قەشمەری وسوکایەتی بە موسافیرەکانی نێوان هەولێرو ئەوروپادەکەن ، قەولی وڵاتێکیان پێدەدەن و دەیانبەنە وڵاتێکی دیکە ، ئەوە چەندین ڕۆژوکاتژمێردواکەوتن هەرباس مەکەن ، کەسیش نیەپێیان بڵێت

بۆچی والەوخەڵکەداماوەدەکەن، لەکاتێکدائەوهەمووپارەیەیشیان لێدەسەنن.

----------------------------------------------------------------

تێبینی و پەراوێزەکان

یەکەم : بۆئاگاداریتان ئامادەکاری قەستەمنامە هیچ شتێکی تری بەناوی ڕێباز بڵاونەکردۆتەوەونایشیکاتەوە ولەئێستایش بەدواوە بۆ ئەوەی کە مۆنۆپۆڵی ئەم ناوەنەکەم ومافی هیچ کەسێک نەخۆم ناوی ئامادەکاری قەستەمنامەم گۆڕی بۆ( ڕێباز قەستەمی).

دووهەم : ئامادەکار هەرقەستەمێکی لەخەڵکانی دیکەوە پێبگات ئاماژەی پێدەکات .

سێهەم : ناوی قەستەمنامە لەهۆنراوەی جوان وپڕلەفەنتازیای کلاسیکی قەستەمنامە وەرگیراوە.

چوارهەم : بەشی یەکەم لەڕۆژی یانزەی فێبریووەریدا ئامادەکراوە نەک یانزەی جەنیووەری لەگەڵ داوای لێبوردنی زۆرمداوەک ئامادەکاری قەستەمنامە.

پێنجەم : فرگەی ئەربیل(بە ئەربیل ناسراوە لەدەرەوە) بەپێی دوا هەواڵ لەباری پاکوخاوێنیەوە زۆر چاک بووە بەڵام تائێستایش کۆنە پاسپۆرت فرۆشێکیان داناوە(کەسێک بۆ خۆی کاری پاسپۆرت فرۆشی بوو) تا داوای پاسپۆرت لەخەڵک بکات.

شتێکی تریش بۆچی ئەم زستانە خەڵکیان لە فڕگە وە دەبردە دەرەوە بۆبەرباران وناوقوڕوچڵپاوێکی نزیک فڕگەکەیان ولەوێ فڕێیان دەدان و پێیان دەگوتن دەی دابەزن خۆ ئێمەخزمەتکاری ماڵەبابی ئەنگۆ نین ، بە ڕاستی ئەوەمامەڵەیەکی زۆر نائینسانیە ، زۆر شتی تر هەیەکەباس بکرێت دەربارەی ئەم فڕگەیە وکۆمپانیاوئێرلاینەکانی بەڵام پێم خۆش بووخەڵکی تر بینوسن کە سەفەری کوردوستانیان کردووە لەم نزیکانەدا.

ماڵئاواتابەشی سێهەم

ئامادەکار : ڕێباز قەستەمی سوید 22 فێبریووەری 2006